# تەگە و یەکەم چرۆ لە سەر داری ژیان واتە چرا-خان

ئازاد کەریمی نووسیویەتی



تەگە بە کوردی سۆرانی واتە بزنی نێر. هێمای چاڵ... بە کوردی گۆرانی بە چاڵ ئەڵێن گەودین و بە زمانی پاڵە واتە کوردی کەونار بە تەگە ئەڵێن گەوتان یا گەودان... لە کوردی سۆرانی دا تەگە خۆی لە خۆیدا بە بزنی نێری ئامادە بۆ ئاوس کردنی بزنی مێو(مێ) ئەڵێن. تەگە بە بۆنەکەیدا بزنی مێ بە لای خۆیدا ڕائەکێشا .

بەڵام تەگە لە فەرهەنگی ئەستێرەوانی کوردی کەوناردا یەکەم مانگی ساڵە. واتە مانگی جانیواری یان کانونی دووهەم یان دەیجور.

تەگە بە ئینگلیزی پێی ئەڵێن گەوت: Goat

تەگە واتە مەودا. مەودای نێوان میچ تا سەرمیچ. میچ واتە بنتاق و سەرمیچ واتە بەرزایی تاق. پانتای خۆڵەمێشی سەرزەوی تا قووڵکەی گومزی ئاسمان... چرادان. هەتا چرادان نەبێ چرای ژیان چراخان ناکات. چراخان هێمای ماشیاخی ژنەفتیار(بیسەری دەنگی خودا)یە.

دەیجور واتە دەیگوڕ یا گوڕدەی. گوڕ واتە ئاگری ژیان لە هەناودا. هەمان هەستی جوانی و جەنگاوەری. گوڕدەی یان جەنگ هێمای ئاگری سووری بەرتەرخەن(فەروەرتەن، مانگی ئاپریل) یا بەران یان کامەرانە.

کەواتە بزن ی تەگەی مانگی یەکەم واتە جەنگاوەر یان بە ئینگلیسی جانووەری.

تەگە هەڵکفاوە بە ئەو دارە زێڕینەدا. ئەو دارە هەشت لق، یان لکی هەیە. دیارە شەش لە گوڵە هەشتپەڕەکانی شکاون.

گوڵی هەشتپەڕ هێمای هەشتەرخاس یان ئەستێرەی قووڵ ئەستێرە.

دەقاودەق بە ئینگلیسی بە قووڵ ئەستێر ئەڵێن پۆل ستەر Pole Starواتە پرد.

پردی نێوان دوو ڕووبار. ئەم دوو ڕووبارە ئاوی ژیانن و لە ژێر هەشتەرخاس

بە یەک دەگەنەوە. ئەم پردە لە ژێریەوە خان یان تونێلێک درووست کراوە.

بە کوردی بە تونێڵ ئەڵێن "خن" یا " خنا" یان " ئاخن". ئەم تونێلە تەلاری ئاوێنەیە. واتە ئەدرەوشێتەوە. زێوینە.

ئەم خنە چڵی لێوە شین ئەبێ. چڵ وێنای شەو ئەکات.

هەر وەک ووتم چڵ ئەو شوێنەیە وا بە سەر خن و لە ژێر قووڵ ئەستێردایە.

ئاوی ئەو دوو ڕووبارە وا باسم کرد لە پاک یان تەن ی تەگەدا بە یەک ئەگەنەوە. کاتێ بەیەک ئەگەنەوە گێژاوێک درووست دەکەن کە پێی ئەڵێن ئازاد(ڕێبوار، ڕەها). لەوێدا چارەنووسی گیانی مرۆڤەکان دیاری ئەکرێ . هەروەک ووتم ئەوێ خن یان خان ە. خان هەمان خانە یان چوارگۆشەیە.

لە نەردە دا ٤٥ خانەی سپی و ٤٥ خانەی ڕەش هەیە. ڕەش و سپی بە هۆی خۆڵەمێش یان ماشی ئاخ واتە ئاخی مژاوی پێکهاتوون .

ماشیاخ مەرزی نێوان خودای ئافرێنەری نادیار و تاریکایی یە.

تاریکایی پاک ە. لە مەرزی خۆڵەمێشی دا خودای ئافرێنەر گەوهەر یان گەوتەری دانا و دەستی لێدا و گەرمای خۆی پێدا و گەوهەر سوور و زەرد هەڵگەڕا و دووکەڵی سپی کرد و پاشان تەقییوە و بوون و نەبوون، دیار و نادیار و پێنج توخمە و دەنگ بەدی هاتن.

ئەوەی لەم وێنەدا هەیە چڵە. چڵ واتە چاڵ، ئاودان، گەودان، گەودال، ئەوداڵ، ئەبداڵ. چڵ هەمان گەوهەری پشکوواوە... پشکووتووە.

هێمای پشکووتەیی گەوهەری ژیان شەوقی ڕووناکە. ئەم شەوقە بریقە و بریسکەی زێوینە. لە پانتای تاریکایی دا چڵ وا هێمای شەوە بە هەڵاتن واتە دیاربوون و دەرکەوتنی ڕادەی درەوشاوە(چەرخۆ، ئەرابەی الی خاس) مانا ئەگرێ .

ئەو بریسکە زێوینە درەوشاوە، دەرکەوتە یان چارەی خودای ئافرێنەر لە ئاوێنەی خن دایە.

کە خودا ڕوانییە گەوهەر، یەک بریسکە لە جوانی و لاوی و بێ وێنەیی سیمای خودا لە گەوهەردا دەرکەوت و گەوهەر خۆی پێنەگەرا و تەقییەوە.

ئەو دەسپێکەوە وا بە بریسکەوە دەستی پێکرد لە ژیانی ئیزەد ئانو فەرمانڕەوای قووڵ ئەستێر ەوە مانای هەڵگرت. کەواتە ئانو واتە دەم یان گوزار و ئەو بریسکەش واتە شەماش، شیوینی، شەمشا، شەوشا، شەوخا، شەوکا، شەو .

کەواتە شەو چەمکێکی زۆر گەورە و پاک و پیرۆزە و پانتای دەرکەوتنی " حضور" یان دیاربوونی تیشکی ڕووناکە .

هەر بۆیە شاماش یا شەوەنا ئیزەدێکی زۆر پیرۆز بووە لە لای ئێمەی کورد.

شەو کالانی خنجێری درەوشاوەیە وا ئیزەد ئەشکەن یان نێرگال لە نێوچاوانی وەر یان خۆری دا و تیشکی ئازاد کرد.

ئەم یاداشتەم بڵاو کردەوە با خەڵکی خۆمان دڵیان لە خۆیان دانەمێنێ و نەڵێن ئەو کابرا هەر بە ئینگلیزی شت بڵاو ئەکاتەوە یان بۆ ئێرانیەکان شت بە فارسی ئەنووسێ.

بە فارسی نووسینی من بۆ ئەو کوردانەی لای خوارەوەیە وا کوردی ناتوانن بخوێننەوە.

سوپاس، ئازاد کەریمی، درامەین، نۆروێژ